# بانگاشەی هەڵبژاردن

هۆنراوەی : تەیب جەبار

**لیستی** ( ......... ) :

ئێمە پێمان وایە ، دەکرێ..
بە ئاراوی لەرینەوە
چاومان کل کەین .
پار چەیەک تەم
بکەین بە سەرپۆش .
بۆ توێشوی رێگا ،
گیرفانمان پڕکەین
لە بۆنی ئاوڕدانەوە .
پەند و قسەی نەستەق
لە ناو قاپێ دانێین ،
بە چەقۆ و چنگاڵ بیخۆین
وەک مێوەی خۆش .

× × ×

**لیستی** ( ......... ) :

ئێمە پێمان باشە ، گەر بکرێ ..
سەردانی چەمی لەبیر چووکەین ،
ئاونگی خەواڵوی سەر چاوە
وریا کەینەوە .
هەواڵی بێدەنگی هۆزی
( هاژە ) بپرسین .
خەمی رەقەڵی نەتەوە ،
بە خەونی نەمام بشۆینەوە .
لە گەڕانەوەدا ،
توێکڵی بۆگەنی فرێدەین ،
یەک دوو گوێل
ئاوی زیندەگی بخۆینەوە .

× × ×

**لیستی** ( ......... ) :

**ئێمە پێمان وایە ، ناکرێ ..**

**خڕکە بەرد ،**

**متمانەی بومەلەرزە ..**

**بە دەست بێنێ .**

**گەر سەمای نەرم ،**

**لەگەڵ لەش ولاری ئاودا ..**

**نەسازێنێ .**

**بۆ خۆ دزینەوە**

**لە گەمەی رۆچوون ،**

**دەبێ لەگەڵ دەور و بەردا ..**

**خوانی گرەوی نوسراو ..**

**بڕازێنێ .**

**× × ×**

**لیستی** ( ......... ) :

**ئێمە پێمان باشە ، گەر بتوانین ..**

**بە شیلەی خەیاڵی دارستان ،**

**ئازاری چەماوەی درەخت**

**راست کەینەوە .**

**بە تەپ وتۆزی ژەهری سۆز**

**دەست نوێژ بشۆین .**

**گەڤەڵی بەزەیی ،**

**بکەین بە مەدالیای ..**

**بەرۆکی یار .**

**برینی سپیی ئەفسانە ،**

**بە ئاردی خەڵوزی وشە**

**سارێژ کەین .**

**بۆ راگرتنی تەرازووی ..**

**دیواری گیان ،**

**کەمێ ڤیتامینی بنچینە بخۆین .**

**× × ×**

**ليستى** ( ......... ) :

**ئێمە پێمان وایە ، گەر بکرێ ..**
**لە باتی هەڵواسینی**
**لافیتەی رۆشنایی رەش ،**
**سەرینی پێکەنین**
**بخەینە ژێر سەرمان .**
**کاروانی خۆر**
**قەتارەی هەور**
**بەردەینە دەشت و بەیاری**
**تاریکی گەش .**
**پەتی بیر چونەوە لوول کەین ،**
**مەشکەی خەمساردی ..**
**بدڕێنین ،**
**فوکەینە بالۆنی بەختمان .**

**× × ×**

**ليستى** ( ......... ) :

**ئێمە پێمان باشە ، گەر بکرێ ..**
**کاتێ دە چین بۆ سەیران ،**
**دەواری لێبوردن هەڵدەین .**
**بە دوزەلەی قامیش**
**مۆسیقای گلەیی فێنک..**
**بژەنین .**
**بە ئێسکی شاخ ،**
**دەهۆڵی شڵەژان**
**نەکوتین .**
**شپرزەیی نەکەین**
**بە دروشمی ..**
**پاسەوانی کەپر و باخ .**

**× × ×**

**ليستى** ( ......... ) :

**ئێمە پێمان وایە ،دەكرێ ..**

**بە چەپكێ مژدە**

**بیزاری گسک دەین .**

**گوڵی هەناسە بدەین**

**لە پەرژینی ..**

**باخی پاشەكشە .**

**رەوە پەپولەی ماچ**

**بەردەینە ئاسمانی ..**

**گۆنای یار .**

**بە پیاسەی دەست و پەنجە ،**

**شەمامەی سنگ**

**بخەینە باڵەفڕە .**

**× × ×**

**ليستى** ( ......... ) :

**ئێمە پێمان باشە ، گەر بكرێ ..**

**بەدەر لە یاسا و رێنمایی**

**ناو ماڵی خۆمان رێكخەین .**

**بە هانەسەی بازدان ،**

**بە تەقڵەی پەلامار ،**

**تۆزێک خۆمان گورج كەینەوە ،**

**بەر لەوەی بچین ..**

**بۆ زەماوەندی سور ،**

**بۆ دوا جار ،**

**چەمی شیر بەردەینەوە .**

**گەر بۆنی ..**

**بۆنكزی بادانەوە نەهات ،**

**كۆلارەیان هەڵنەدا ،**

**دەشتی ئەو خوارە ..**

**گوڵی سپی نەگرت .**

**ئەو وەختە ئێمەش ،**

**پشت بەستن بە ..**

مەتەڵی بەخت گرتنەوە ،
کۆرس و تیپی مۆسیقا ..
ساز دەدەین ،
سرودی ( کش مەلیک )
دەڵێینەوە .
× × ×
**هەموو لیستەکان:**
ئێمە پێمان وایە ، دەکرێ . .
ئێمە پێمان وایە ، ناکری . .
ئێمە پێمان باشە ، گەر بکرێ . .
ئێمە پێمان باشە ، گەر نەکرێ . .
ئێمە پێمان وایە ،
ئێمە پێمان باشە ،
ئێمە پێمان . .
ئێمە پێمان . .
ئێمە . .
ئێ . . . . . .

سلێمانی / تەموزی /٢٠٠٩

---

تێبینی // خوێنەر خۆی سەر پشکە لە دانانی ناو و ژمارەی هەر لیستێک لە بەرامبەر هەر کۆپلەیەکدا .

★ لە پاشکۆی رەخنەی چاودێر ، ژمارە ١٨٥ رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٢ بڵاوبۆتەوە .